شەرم کردن هیچ شتێک ناهێنێت جگە لە خێر نەبێت

لە عیمرانی کوڕی حوصەینەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «شەرم کردن هیچ شتێک ناهێنێت جگە لە خێر نەبێت». ولە ریوایەتێکدا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ««شەرم کردن خێرە هەموو». یان فەرمووی: «شەرم کردن هەموو خێرە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

شەرم کردن سیفەتێکە کە وا لە مرۆڤ دەکات ئەو کردەوانە ئەنجامبدات کە جوانی دەکات ودەیڕازێنێتەوە، و واز لەو شتانە بهێنێت کە ناشیرین وپیسی دەکات، بۆیە شەرم کردن تەنها خێر دەهێنێتە سەر ڕێگا، وهۆکاری فەرموودەکە ئەوەیە: کە پیاوێک ئامۆژگاری براکەی دەکرد سەبارەت بە شەرم کردن، نەهی لێی دەکرد لە شەرم کردنی، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەم وتەیەی فەرموو.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3055